# ئەم وێنانەش بۆ هیومان رایتس وۆچ



**توانا**

ئەوانە لەوێنەكەدا دیارن وێنەی ئەشكەنجە دانی ژنێكی كوردن لە بەشی ژنانی بنكەی گرتن‌وگواستنەوەی سلێمانی. بەهەر پاساوێك بێت، ئەمە بیحورمەتی كردنە بەمرۆڤ. ئەمە راستی راپۆرتەكانی هیومان رایتس وۆچ وەك نەخشی سەر برد دەسەلمێنن. لەكاتێكدا ئەگەر بزانین ئەم بەندییە لە بەندیخانەیەكی حوكمیدایە بە بەرچاوی خێڵێك لە توێژەری كۆمەڵایەتی و بە سەرپەرشتی وەزارەتێك كەوەزیرە بەڕێزەكەی دوای بڵاوبونەوەی ئەم وێنەو راپۆرتانە هێشتا دەتوانێت ئەم شەو بە ئیسراحەت بنوێت.

كۆمەڵگای كوردی دوای راپەڕین هێندە دەستی هەبوە لە دروستكردنی جەلاددا نیو هێندە نەیتوانی دەستی هەبێت لەگێرانەوەی حورمەت بو ئەو كائینەی ناوی مروڤە لەم مەملەكەتەدا!! سەیرتر لەوانە بەرپرسی ئەو بەشی ژنانە، كە خاتوو روخۆش ناوێكە لای وایە ئەوان بەوشێوەیە ئازاریان نەداوە، بەڵكە ئەوە جەستەی ژنە كەزوو شین دەبێتەوە!!! بروانە وتەی ئەو بەڕێزە: "ژن لەشی ناسكە بە هەر شێوەیەك بەشەڕبێت بەشێكی گیانی شین دەبێتەوە".





وێنەکان لە سایتی ئاوێنەدا بڵاوبونەتەوە.

http://www.awene.com/index.php?option=com_content&task=view&id=710&Itemid=51